# ئەندام مزگەوت و ڕۆژنامەی تۆقیو

# ئەنفالکردنی وشە یان تەریقبونەوەی مێژووی دەسەڵاتەکانی پەرلەمان

خوێندەوار بوینایە پەنامان بۆ جەللادەکانی مێژوو نەدەبرد یاسامان بۆ بنوسن و کەوڵمان بکەن. ئێمە زۆر لەوە تاوانبارترین کە ئێستا پەرلەمان گۆشاوگۆش خەریکی سەربڕینمانە کەچی ئێمە لەجێی بەردبارانکردنیان خەریکی نارەزایی و کەمپینگرتنین. گەر ئێمە نەمانتوانیبێت لەسەر ئەنفالکردنی جەستە کار بکەین ئیتر لەکوێ دەتوانین بەر بە ئەنفالکردنی وشەکان بگرین.

**مەریوان هەڵەبجەیی**



## ئەم نوسینە کورتەم پێشکەشە بەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەی کە لە دژی یاسای ڕۆژنامەگەری هەڵوێستیان وەرگرت

گەر کۆمەڵگایەکی ئایینی نەبوینایە باوەڕمان بە کۆمەڵێک زرکەبۆت و دەموچاوی بەریئو پڕ لە گوناهو بێگەرد نەدەکرد، گەر ناهوشیار نەبوینایە دەنگمان بۆ کۆمەڵێک مەلای سواوو خوێنفرۆشی مەلەفدارو نیشتمانفرۆشی فکرفرۆش نەدەدا تا لەجیاتی ئێمە بیربکەنەوەو لە بری ئێمە کۆببنەوەو لە پەرلەماندا یاسای ڕۆژنامەگەری بنوسنەوە.

گەر کۆمەڵگایەکی تاریک نەبین لەخۆر نەدەترساین و خۆمان بۆ خورافەکانی ئەشکەوت نەدەکوشت و باوەشمان بۆ عەمامەبەسەرەکان نەدەکردەوە تا بەڕۆژی ڕووناک نوورمان تێبگرن و

بەشەو چەقۆ، بەڕۆژ گوڵمان بدەنێ و بەشەو فیشەک. خوێندەوار بوینایە پەنامان بۆ جەللادەکانی مێژوو نەدەبرد یاسامان بۆ بنوسن و کەوڵمان بکەن.

بەرهەمی ئێستا بیرکردنەوەی ئەو ڕۆژانەیە کە سەربڕانی ئازادی بەئاشکرا هەڕەشی مەرگی هەتاهەتاییان دەکردو جگە لە نوخبەیەک کەس لەدژی تیرۆری فکرو جەستە نەهاتە وەڵام. ئێمە لە خوێندنەوەکانی پەرلەماندا جگە لە کۆمەڵێک تاوانباری پێش دەسپێکردنی ژیان و کۆمەڵێک ئەجەل و موسیبەتی ناو سەیارەیەکی تی ئێن تی ڕێژکراوی ئیسلامگەراکان و کۆمەڵێک گوناهی دوای ڕشانەوەی سەرخۆشبوون هیچی دیکە نین.

گەر لە تەواوی کوردستاندا نەک پرۆژەیەکی حزبی بەڵکو فکری بۆ دروستبوون و موومارەسەکردنی پرەنسیپەکانی ئازادی هەبوایە بۆ دروستبوونی مزگەوتێک کتێبخانەمان نەدەڕوخاندو لەبەرامبەر سەدان تەکییەو مزگەوتدا یەک کتێبخانەمان نەدەبوو.! ئێمە زۆر لەوە تاوانبارترین کە ئێستا پەرلەمان گۆشاوگۆش خەریکی سەربڕینمانە کەچی ئێمە لەجێی بەردبارانکردنیان خەریکی ناڕەزایی و کەمپینگرتنین. ئای کە گوناهین، گوناهتر لەو گەردنە ناسکەی لە ژێر شمشێرێکدا شایەتومانی مەرگێکی لەسەرخۆ دەدات.! گوناهتر لەو مێژووەی بۆ دروستکردنی یەک قارەمان میللەتێکی زیندەبەچاڵ کرد.! بەنەفرەت بێ ئەو قەڵەمەی دەنگی بۆ حزبێک دا کە ئێستا وشەکان ئەنفال دەکات. گەر ئێمە نەمانتوانیبێت لەسەر ئەنفالکردنی جەستە کار بکەین ئیتر لەکوێ دەتوانین بەر بە ئەنفالکردنی وشەکان بگرین.